# **چەند دێڕێک سەبارەت بە ‹بانگەوازەکەی› بەڕێز تاهیر حەسەن**

سەعی سەقزی قایشی

لە ژمارە‹6›ی بلاوکراوەی‹نا›لە ڕێگای ئەنترنێتەوە بانگەوازێک بە ناوی:

**فرسەتە. با هەموو بڵێین. هەزار جار نا بۆ دەستوور**...

**هەر ئەمرۆ سەرخۆی کوردستانمان دەوێ** ! تاهیر حەسەن

با لە پێشدا بزانین تاهیر حەسەن، کێیە.

لە{(١٩٩٣/٧/٢١دا ئەمجەد غەفور ـ ڕێبوار ئەحمەد ـ **تاهیر حەسەن** .... لە کوردەکانی سلێمانی.... ئەڵێن:( لە درێژەی هەوڵوتەقالای کۆمۆنیستەکانی **عراق** و هەڵسوڕاوان و ڕابەرانی کرێکاری بۆ پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عراق، ژمارەیەک لە هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی سۆشیالیزمی کرێکارانی عراق داوایان لە ئێمە کردووە ئەم حیزبە پێک بهێنین.)

‹بەیانییەی ڕاگەیاندنی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عراق›. ‹ئەنترناسیۆناڵ ژمارە ٧›}.

پاش دامەزراندنی ئەو حیزبە، تاهیر حەسەن و هاڤەڵانی **ڕێکخراوەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عراق** دروست کرت. ئەوان بەو کارەی کە ئەنجامیان داوە بەرەسمی و بە فرمی نووسیویانە کە کوردستان بەشێکە لە ئێراق.

لەساڵەکانی ١٩٩٠ لە ستۆکۆڵم لە گوڕێکدا کوتیان: لە هەولێر لە دە هەزار کەسمان پرسی، دەتانەوێ لە گەڵ عراقدا ببن یا ئەواتە جیابنەوە. لەو دەهەزار کەسە تەنیا چەند کەسێک کوتیانە جیانابینەوە.

کاتێک دیدوبۆچونی خەڵک بەو جۆرەیە، ئایا تاوان نییە کە تۆی ئەندامی کۆمێتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی عراق، خاوەنی ڕێکخراوەی کوردستانی ئەو حیزبە بیت؟ ئایا ئەوە دژایەتی کردنی خواستی خەڵک نییە؟. ئەوە کورتەیەک بوو لە پێناسەی سیاسی بەڕێز تاهیر حەسەن. با لە حیزبەکەی کاک تاهیر بڕوانین:

پاش ١٧مانگ تێپەربوون لە دامەزراندنی حیزبەکەیان، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عراق لە ڕۆژی ٩٤/١٢/٣ لە پلۆنۆمی دووهەمدا بەم جۆرە کارنامەی حککع دەخەنە ڕوو:

{( حیزب لەم قۆناغەدا نەیتوانیوە وەک حیزبێکی **یەکپارچە** لە مەیدانی سیاسی ئێراقدا هەڵسوڕێ و بە گیروگرفتەکانی جوڵانەوەکەی خۆی وەڵام باتەوە.... لە گۆتایی پلۆنۆمدا دوو کەس بە ناوەکانی‹کورش مودەرسی›و‹ ڕەحمان حسێن زادە› لە هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران بە کۆمیتەی ناوەندی زیاد کرا.). نەنترناسیۆنالی ژمارە ١٨}.

جێگەی سەرسوڕمانە لە دووهەمین پلۆنۆم و لە هەرەتی لاویدا‹حککع›دا باسی لاوازی خۆیان دەکەن، لەوەیش سەیرتر ئەوەیە لەناو ئێراقێکی بیست ملیۆنیدا کە ڕایانسپاردوون بۆ پێکهێنانی حککع کەس نییە بێتە حیزبەکەیانەوە و یارمەتیان بدات بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو

پرۆژەی کە **کرێکارانی کۆمۆنیستی عراق** خستوویانەتە ئەستۆیانەوە، بۆیە بەناچار دەکەوەنە رابەر قەرز کردن..! راستی مرۆڤ ناتوانێ بپرسێت وبڵێت ئەم حیزبە حزبێکی راستەقینەیە، یان حیزبێکی دەسکردە؟!

وەک دەبینین حککع فیدرالیزم رەد کردوەتەوە و خواستی سەربەخۆیی کوردستان هێناوەتە ئاراوە. خواستی سەربەخۆیی کوردستان، چ وەک کوردستانێکی یەکپارچە و چ بەشێوەی چەند پارچەیی کارێکی پیرۆزە! مافی گەلی ! بە بێ ئەوە کێشەی کوردستان ناگاتە ئەنجام! با بزانین گەلی کورد چۆناوچۆن بەو مافەی خۆی دەگات.

لە پەنای ئەوەدا نابێت بەچاوی سوک و بێئێحترامی سەیری نەتەوەکانی دراوسێی کوردستان وەک تورک و فارس و عەرەب ... بکرێت، بەڵام هەر کاتێک بە کوردێکیان کوت تۆ ئێرانیت، تۆ ئێراقیت، تۆ سورییەیت، تۆ تورکییەیت، ئەگەر عارەقی شەرم و کەساسی سەرتاپای باڵای داگرت و بەرچەرچی ئەو قسانەی دایەوە، دەگاتە ئەنجام!

**ئەگەر بەڕێز تاهیر حەسەن بڕوای بەو بانگەوازە هەیە. با لە خۆیەوە دەست پێبکات و سەربەخۆی بۆ خۆی وەرگرت لە حیزبی ئێراقی واتە حیزبی کۆمۆنیستی عراق بێتە دەروە**.

لێرەدا پێویستە ئەم پرسیارەیان ئاراستە بکەین: کام موسوڵمان هەیە لە دنیادا بە موسوڵمانێتر بڵێت: تۆ لە دینی ئیسلام وەرگەرێ، کام مەسیحی بە مەسیحییەکتر دەڵێت: تۆ لە دنیای مەسیحییەت برۆ دەرەوە؟!

چۆناوچۆنە رابەرانی حککع لە کوردستانەوە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عراق دروست دەکەن و رێکخراوەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی عراق بنیاد ئەنێن و باسی جیابوونەوەی کوردستانیش دەکەن. ئەم رابەرانە کە باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن؟ دەبوو لەبری ئەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراق بنیاد بنێن، دەبوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانیان دروست بکردایە و دژایەتی ئەو سیاسەتەیان بکردایەت کە کوردستان بەشێکیە لە ئێراق و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکەیان بە بیروباوەری سەربەخۆیی کوردستان و بە ئیدئۆلۆژی کرێکارانی کوردستان پەروەردە بکردایە! ئەگەر بەڕێز تاهیر حەسەن هاوڕێیانی بڕوایان بەو بانگەوازە هەیە، لە کۆنگرەی ئازادی عراق کە لە هەمان بڵاوکراوەی‹نا›دا چالاکی بۆ دەکەن. چی دەکەن؟

ناوی ئێراق - دەوڵەتی ئێراق - دەستووری ئێراق - ئاڵای ئێراق بە هەر رەنگ و نیشانەیەکەوە - حیزبی ئێراقی لە ژێر هەر ناوێکی وەک کۆمۆنیستی و دینی و دیموکراتی و ..... سمبۆلی داگیرکەرییە لە کوردستاندا!!

بە هۆی ئەوەی لە مانگی ئاگۆستی ساڵی 2000 دا لە ژمارە 2229ی کوردستانی نوێ نووسراوەیەکم بە ناوی(**شۆڕش بۆ سەربەخویی کوردستان. یا شانۆگەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران و ئێراق**)بڵاو کردەتەوە، هەر ئەم چەند دێڕە بۆ بانگەوازەکەیان بە پێویست ئەزانم. ٢٠٠٥/١٠/١١

سەعی سەقزی